# دەربارەی «چین»



ئەمیر حەسەنپور
وەرگێڕانی: وەلید عومەر

"چین" گەر گرنگترین چەمکی تیۆریی مارکسی نەبێت، ئەوا بە یەکێک لەو چەند چەمکە بنەڕەتییەی دادەنرێت. مارکس و ئەنگڵس لە مانیفێستی کۆمۆنیست(١٨٤٨)دا ڕایانگەیاند: «مێژووی کۆمەڵگاکان تا ئێستا، مێژووی چینایەتی بووە». سی ساڵ دواتر و ڕوو لە ژمارەیەک چالاکوانی سۆسیالیست نوسییان: «ئەوە نزیکەی چل ساڵێکە ئێمە جەختمان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ململانێی چینایەتی، هێزی بزوێنەری ڕاستەوخۆی مێژووە و ، بەتایبەت ململانێی چینایەتیی نێوان بۆرژوازی و پرۆلیتاریا جوڵێنەری گەورەی شۆڕشی کۆمەڵایەتیی مۆدێرنە».(١)

مادام مێژووی کۆمەڵگا مرۆییەکان، مێژووی ململانێی چینایەتییە، ئەوا چەمکی "چین" خۆیشی بۆتە پانتایی ململانێی چینایەتی. لەلایەکەوە، ململانێی سیاسی و ئایدۆلۆژی لەسەر چەمکی چین لەناو نوێنەرانی فیکریی چینە دژەکاندا، لە خاوەن کۆیلە و کۆیلەوە بیگرە تا دەگاتە بۆرژوازی و پرۆلیتاریا، لەئارادا بووە. چینە چەوسێنەرەکان و نوێنەرە فیکری [و ئەدەبی و هونەری]یەکانیان، هەبوونی نایەکسانی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و دابەشکردنی کۆمەڵگایان بۆ چینی حاکم/حکومکراو، وەک شتێکی سرووشتی و خۆڕسک و غەریزی و ئیلاهی و ئەزەلی داوەتەقەڵەم و؛ هەر جۆرە بەرەنگارییەکیشیان بە فیتنە، پشێوی، ئاشوب، ئاژاوە، نافەرمانی، سەرپێچی ناوبردووە. بەپێچەوانەشەوە، چینە چەوساوەکان و نوێنەرانی فیکرییان، نایەکسانی و چەوسانەوەیان بە شتێکی ناسرووشتی و ناعادیلانە زانیوە و دەستیانداوەتە خەبات و بەربەرەکانێ دژی. ئەم ململانێ فیکرییە، گەلێک نایەکسان و ناهاوسەنگ بووە؛ چونکە چینە باڵادەستەکان لە ساتەوەختی دەستگرتن بەسەر بەرهەمهێنانی ئابوری و بەکارهێنانی هێزی بازوودا، کایەی فیکرییش کۆنترۆڵدەکەن و لەڕێگەی کەلتور، دین، هونەر، ئەدەب، یاسا و دابونەریتەوە سیستەمی چینایەتی دەپارێزن و بەرهەمیدێننەوە. لەگەڵ دەرکەوتنی سۆسیالیزم و بەتایبەتییش سۆسیالیزمی مارکسییدا، بازێکی گەورە درا لە تێگەیشتنی چینەکان و ململانێی چینایەتیدا.

لەلایەکی ترەوە، لە هەناوی مارکسیزمیشدا تێگەیشتن لە چین و تیۆریزەکردنەکەی، مەیدانی ململانێی ئایدۆلۆژی بووە. سەرەتا پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە تێگەیشتنی مارکس و ئەنگڵس بۆ چین، یەکسەر و کتوپڕ و بەرەنجامی ئیلهام نەبوو بەڵکو لەمیانەی گەشەی ململانێی چینایەتی، پێشکەوتنی زانست و زانین، و گەشەی بەرهەمهێناندا لە سەدەی نۆزدەدا برەویسەند. بۆنمونە، ئەوان لە نوسینە سەرەتاییەکانی خۆیاندا(مارکس لە ١٨٣٥-١٨٤٣ و ئەنگڵس لە ١٨٣٨-١٨٤٢)دا، هەرکامیان جگە لە چەندجارێک ئیدی زاراوەی "چین"یان بەکارنەهێناوە.(٢)

ئەوان(واتە مارکس و ئەنگڵس) لەم ساڵانەدا کەسانێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕ بوون، سیستەمی سەرمایەدارییان دەدایە بەر ڕەخنە، داوای چاکسازیی جدییان دەکرد، بەڵام هێشتا نەگەیشتبوونە ئەو زەروورەتەی کە سەرمایەداری و چینی سەرمایەدار لەناوبچێت. تەنانەت لەدوای ئاراستە و ئینتیماشیان بۆ کۆمۆنیزم(١٨٤٣)دا، تێگەیشتنیان بۆ چین و ململانێی چینایەتی شتێکی کتوپڕ و یەکجارەکی نەبوو بەڵکو لە پرۆسەی خەباتی فەلسەفی و تیۆری و لە سیاقی شۆڕشەکانی ١٨٤٨-١٨٤٩ و کۆمۆنەی پاریس(١٨٧١)دا پەرەیسەند. وێڕای ئەوەی مارکس و ئەنگڵس لە ساڵانی ١٨٤٥-١٨٤٦دا(لە کتێبی ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی)دا، ئایدیای "حوکمی چینایەتی" و بۆنمونەش

حوکمی چینی کرێکاریان خستبووەڕوو؛ گرنگترین هەنگاوی گەورە لە تێگەیشتنیشیاندا بۆ ململانێی چینایەتی، واتە ئایدیای "دیکتاتۆریەتی چینی کرێکار-diktatur der arbeiterklasse "، بۆ یەکەمین جار لەساڵی ١٨٥٠دا و بەدوای شکستی ئەم چینە لە شۆڕشەکانی ١٨٤٨-١٨٤٩دا هەڵێنا(<u>ململانێی چینایەتی لە فەڕەنسا ١٨٤٨ بۆ ١٨٤٩</u>).(٣)

تێگەیشتن لە "چین" و تیۆریزەکردنی، ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە پەرینەوەی مارکس و ئەنگڵسەوە لە دیموکراتیزمی شۆڕشگێڕانەوە بۆ کۆمۆنیزم. پرسیاری بەردەم بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئەمە بوو: گەر پێویستە سەرمایەداری ڕیشەکێشبکرێت و کۆمەڵگای بێچینی کۆمۆنیستی جێی بگرێتەوە، ئەوا کام هێزی کۆمەڵایەتی، کام ڕێکخستن و تەنزیمات، کام ئایدۆلۆژیا و چ سیاسەتێک توانای هەیە ئەم پرۆژەی مێژووسازییە بگەیەنێتەئاکام؟ مارکس و ئەنگڵس لە میانەی ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی سەرمایەدارییدا گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی کە سەرمایەداری یەکەمین سیستەمی چینایەتییە کە هەلومەرجی مادی و ماتریاڵیی لەناوبردنی پەیوەندییە چینایەتییەکانی فەراهەمکردووە و چینی کرێکاریش دەبێتە بکەر و بریکار و ڕێبەری ئەم گۆڕانکارییە شۆڕشگێڕانەیە. بەڵام ڕۆڵی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار، وەک گۆڕهەڵکەنی سیستەمی سەرمایەداری، لەبەر ئەوە نیە کە کرێکاران ستەمدیدە و چەوساوەن. بەڵکو لەو پێناوەدایە کە تاکە چینێکە بەشدار نیە لە خاوەندارێتیدا(خاوەندارێتیی هۆیەکانی بەرهەمهێنان، خاوەندارێتیی نیشتمان...) و لە تیاچوونی سەرمایەدارییدا تەنیا زنجیرەکانی دەستی لەدەستدەدات. لە تیۆرە مارکسییەکەدا ئەوە ڕوونە کە شۆڕشی سۆسیالیستی پرسێکی حەتمی و پێشوەخت پێشبینیکراو نیە و چینی کرێکار لە پرۆسەی خەباتی ئابوری و خۆبەخۆدا هەرگیز ناگاتە تیاچوونی سەرمایەداری و ئەندامانی ئەم چینە بەزەروورەت ئاگایان لە ڕۆڵی مێژوویی خۆیان نیە. مارکس و ئەنگڵس تیۆری "چین"یان لە هەلومەرجی مێژوویی سەقامگیریی سەرمایەداریدا(لە بەشێکی ئەوروپا و ئەمریکا باکوردا) و هاتنی چینی کرێکار بۆناو پانتایی مێژوو وەک چینێکی شۆڕشگێڕی نوێ دارشت، بەڵام توانیشیان هەندێک پێشبینیی گرنگ لەمەڕ چینەکان و ململانێی چینایەتی لە سەردەمی سۆسیالیزمدا بکەن کە ڕاستی و درووستییەکەیان لە شۆڕشە سۆسیالیستییەکانی سەدەی بیستدا، چ لە سەرکەوتن و چ شکستیشدا، پشتڕاست بووەوە.

زۆرێک لە لێکۆڵەران، چ مارکسی و نامارکسی، جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە سەرباری ئەوەی چەمکی چین چەمکێکی بنچینەییە لە مارکسیزم و بزاوتی مارکسییدا، کەچی مارکس و ئەنگڵس هیچکاتێ بەشێوەیەکی سیستەماتیکی و ڕێکخراو تیۆریزەیان نەکردووە و تاکە جێگەیەکیش کە مارکس بەدیاریکراوی لەسەر چەمکی چین وەستابێت(بەشی کۆتایی بەرگی سێیەمی **<u>سەرمایە</u>**) بوو کە بە نیوەناچڵی جێیهێشت و بەم جۆرە دەرگای تەمومژ و ئاڵۆزیی لەسەر بابەتەکە بەکراوەیی جێهێشت. هەڵسەنگاندنی لەم جۆرە سەبارەت بە تیۆرەکانی دیکەی مارکس و ئەنگڵس دەربارەی دەوڵەت، نەتەوە، ڕەگەز، هونەر و هتد زۆرن. بەڵام کێشە سەرەکییەکە ئەوە نیە کە مارکس و ئەنگڵس تا چ ڕادەیەک چین یاخود چەمکەکانی تریان شیتەڵ و توێکاریکردووە. کێشەکە ئەوەیە تێگەیشتن لە چین یان پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی پرسێکی تەواو ئەپیستمۆلۆژی نیە و پەیوەندییشی بە خولیا سیاسی و ئایدۆلۆژییەکانەوە هەیە.

لەڕووی ئەپیستمۆلۆژیاوە، میتۆدی مارکس و ئەنگڵس بریتیبوو لە ماتریالیزمی دیالەکتیکی. لەڕووی سیاسی و ئایدۆلۆژییشەوە، ئەوان لەڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکارەوە، چینیان شیدەکردەوە. ئەوان چینیان وەک قاڵبێک یان سندووقێک نەدەبینی کە مرۆڤەکانی تێخەیت و بەرژەوەندی و سیاسەت و ئایدۆلۆژیا و هۆشیارییانی لێوە دەرکێشیت. چین لەڕوانگەی ئەوانەوە، سیفەت یاخۆ خەسڵەتێک نیە کە ئەندامانی چینێک لەگەڵ خۆیاندا هەڵیبگرن و بەهۆیەوە بناسرێن. هەروەها چین بریتینیە لە کۆی ئەو کەسانەی کە چینێک پێکدێنن. هاوکات چین، شت نیە؛ بەڵکو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییە واتە پەیوەندیی کار و سەرمایەیە، کە هیچکام لەمانە بە شت(ئۆبێکت) دانانرێن، پەیوەندیی کۆمەڵایەتیین و تۆڕێکی ئاڵۆزی پەیوەندی پێکدێنن. چین، ناتوانێت بەتەنها و خۆی لەخۆیدا بوونی هەبێت. بۆنمونە، چینی کرێکار تەنیا لە پەیوەندیدا بە چینی سەرمایەدار و کۆی توێژ و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی ترەوە دەتوانێت بوونی هەبێت. هەر لەبەر ئەمەشە کە مارکس و ئەنگڵس، حەزێکی ئەوتۆیان بۆ پێناسەکردنی چەمکەکان و دیاریکردنی ئەرکەکانی نیە. هەموو «شتێک» بریتییە لە پەیوەندی و ئەم پەیوەندییانەش لە کەوڵی یەکگرتن و هەڵکردنی دژەکان لە گۆڕاندان. ڕوانینی نادیالەکتیکی ناتوانێت وەکو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی لە چین تێبگات.

مارکس لە ساڵی ١٨٥٢دا بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە، پشک و بەشداریی خۆی لە تیۆریزەکرنی چیندا نرخاند و هەڵسەنگاند:

**تا ئەو جێیەی پەیوەندیی بە منەوە هەیە، ئیمتیازی دۆزینەوەی بوونی چینەکان لە کۆمەڵگای مۆدێرن و ململانێی نێوانیشیان ناگەڕێتەوە بۆ من. بەر لە من، مێژوونوسانی بۆرژوا پەرەسەندنی مێژوویی ئەم ململانێ چینایەتییەیان باسکردبوو و ئابورناسانی بۆرژواش چینەکانیان توێکاریکردبوو. ئەوەی من کردم و تازە بوو، پێشاندانی ئەوە بوو کە ١) <u>هەبوونی چینەکان بەتەواوی پەیوەستە بە هەندێ قۆناغی مێژوویی تایبەتەوە لە پەرەسەندنی بەرهەمهێناندا</u> ٢) خەبات و ململانێی چینایەتی بەزەروورەت بە <u>دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا</u> کۆتاییدێت ٣) ئەم دیکتاتۆرییەتە لە پەڕینەوەدا بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەموو چینەکان و بۆ کۆمەڵگای بێچین خۆی پێکدێنێت. (٤)**

گەرچی ئەم بابەتە تیۆرییە(واتە ئەرکی چینی کرێکار لە سەرنگونکردنی دیکتاتۆریەتی چینی سەرمایەدار و هێنانەئارای دیکتاتۆریەتی چینی کرێکار بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی هەموو چینەکان) لە بەرهەمەکانی مارکس و ئەنگڵسدا چەندبارە بۆتەوە، کەچی هەندێک لە لایەنگرانی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم قبوڵیناکەن و گوایا ئەمە کێشەیەکی تەواو ئەپیستمۆلۆژی نیە بەڵکو ئایدۆلۆژییانەیە. بۆنمونە، ڕاستەوخۆ دوای مردنی ئەنگڵس(١٨٩٥) یەکێک لە گرنگترین ململانێ ئایدۆلۆژییەکانی بزاڤی کۆمۆنیستی لە ڕوسیا لەسەر ڕۆڵی چینی کرێکار دروستببوو لە

مێژوودا، هەروەها پەیوەندیی نێوان چین و هۆشیاریی چینایەتی و پەیوەندیی نێوان ململانێی ئابوری و سیاسییش.

ئەو ڕەوتە بەناوبانگەی کە پێی‌دەوترا ئیکۆنۆمیزم(ئابوریگەرایی)، ململانێی نێوان چینی کرێکار و سەرمایەداریی لە پانتایی ئابورییدا قەتیسدەکرد(بۆنمونە، کرێ و هەقدەست، ڕەوشی شیاوی کار، بیمە)؛ هەروەها خۆی دەدزییەوە لە ململانێی سیاسی بۆ سەرنگوونکردنی فەرمانڕەوایی سیاسیی چینایەتی، هەڵیدەگرت بۆ قۆناغێک دوای تەواوبوونی خەبات و ململانێ ئابورییەکان. یاخود دەیویست خەباتی ئابوری بگۆڕێت بۆ خەباتی سیاسی. لینین لە ڕووبەڕووبوونەوەی تێگەیشتنە ئابوریگەراکەدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە چینی سەرمایەدار لە پانتایی سیاسەت(واتە دەسەڵاتی دەوڵەت)دا فەرمانڕەوایی خۆی پیادەدەکات نەک پانتایی ئابوری و، بەم هۆیەشەوە خەباتی خۆبەخۆ و ئابوریی چینی کرێکار لە هیچ هەلومەرجێکدا، حوکم و باڵادەستیی چینی سەرمایەدار ناخاتە مەترسییەوە. خەباتی ئابوری، کە هیچ نیە جگە لە مامەڵە لەسەر فرۆشتنی هێزی کار بە سەرمایەداران، خەباتێکە لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی سەرمایەدارییدا و سەرناکێشێت بۆ سۆسیالیزم.

هاوکات لینین ئەو ئەرگۆمێنتەشی دەهێنایەوە کە چینی کرێکار لە پرۆسەی خەباتە ئابورییەکاندا ناتوانێت بگات بە هۆشیاریی چینایەتی. هۆشیاریی چینایەتی، واتە تیۆری سۆسیالیزم-کۆمۆنیزم، لەسەر بنەمای کۆبەندی و گشتاندنی ئەزموونی خەباتە خۆبەخۆکانی کرێکارانەوە بەدەستنایەت و خەباتە ئابورییەکان لەوپەڕی برەوی خۆیدا بە هۆشیاریی سەندیکایی کۆتاییدێت(واتە زەرورەتی ڕێکخستنی کرێکاران لە سەندیکا و یەکێتیی کرێکاری و دابینکردنی کرێی زیاتر و ڕەوشی باشتری کار). هۆشیاریی چینایەتی جیایە لە جموجوڵی خۆبەخۆ و خۆڕسکانەی کرێکاران و ناتوانێت لەم پراتیکەوە سەرچاوەبگرێت چونکە خۆی خاوەنی جوڵە و دینامیزمێکی ترە: بزاڤێکە لە پانتایی مەعریفەی فەلسەفی، مێژوویی، ئابوری ، لە پانتایی چەمکەکان و تیۆر و ئایدۆلۆژیا و شیکردنەوە و لێکدانەوەی فاکت و پێدراوەکاندا. ئاگایی و مادە(واقیع) یەکێتیی دژەکان پێکدێنن و دەگۆڕێن بۆ یەکتر و واقیعی خەباتی کرێکاران هەرچەندە بەرین و بەردەوام بێت، ئەوا ناتوانێت سەربکێشێت بۆ تێگەیشتنی درووستی تێکڕای فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی/ئابوریی سەرمایەداری، ململانێی چینایەتی، ڕۆڵی مێژوویی چینی کرێکار لە سەرەوژێرکردنی سەرمایەداری و بینای سۆسیالیزم و پەڕینەوە بۆ کۆمۆنیزم. بەم مانایە، لینین جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە:

**تەنیا لە <u>دەرەوەوە</u> دەتوانین هۆشیاریی سیاسیی چینایەتی بۆ کرێکار بهێنین، واتە لە دەرەوەی خەباتی ئابوری و لە دەرەوەی فەزای پەیوەندییەکانی نێوان کرێکار و خاوەنکار. تاکە ڕووبەر و پانتاییەک کە دەتوانین ئەم مەعریفەیەی لێوە دەربێنین، پانتایی پەیوەندییەکانی <u>هەموو</u> چینەکان و توێژەکانە لەگەڵ دامودەزگای باڵادەست و دەوڵەتدا، واتە پانتایی پەیوەندییەکانی <u>هەموو</u> چینەکانە لەگەڵ یەکتردا.** (٥)

ئەم دەعوا و بانگەشە تیۆرییانەی لینین سەبارەت بە چینی کرێکار و هۆشیاریی سۆسیالیستی، گرنگترین هەنگاو و بازدانە لە گەشەی تیۆری "چین"دا لای مارکس و ئەنگڵس. لەم باسانەدا، لینین وەکو قاڵبێک یان شت(ئۆبێکت)ێک سەیری چینی کرێکار ناکات بەڵکو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییە لە کۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی فۆرماسیۆنی سەرمایەدارییدا و، لە سەرووی ئەوەوە سەیری کۆی مێژووی کۆمەڵگای چینایەتی دەکات.
گرنگترین وەرچەرخان لە مێژووی چەندهەزار ساڵەی کۆمەڵگای چینایەتیدا، لەدوای مارکس و ئەنگڵسەوە ڕوویدا. چینی کرێکار [سەدەیەک پێش ئێستا] و لە چوارچێوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، لەژێر سەرکردایەتیی حیزبی کۆمۆنیستی بەلشەفیکدا دەسەڵاتی سیاسیی گرتەدەست و بۆ یەکەمین جار بوو بە چینی باڵادەست و فەرمانڕەوا. حیزبی بەلشەفیک، ڕێبەری ئەم شۆڕشە، ڕووبەڕووی تەحەدا و تەنگژەیەکی بێپێشینە بووەوە، هەم لە کایەی پراکتیک و هەم لە کایەی تیۆریشدا: ڕۆڵی مێژوویی چینی کرێکار وەک چینی فەرمانڕەوا و باڵادەست، واتە ئەو چینەی کە ئەرکی لەناوبردنی سیستەمی چینایەتی و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی بێچینی گرتۆتە ئەستۆی خۆی. گۆڕا بۆ پرسێکی پراکتیکی و کردەیی. بۆ زۆرێک لە کۆمۆنیستەکان، تێگەیشتن و درککردنی هەلومەرجە نوێیەکە شتێکی سانا نەبوو و کەوتەناو هەلومەرجێکی زۆر دژواری شەڕی ناوخۆ، پەلاماری ئیمپریالیستەکان، قات و قڕی، شەڕی تیۆری و ئایدۆلۆژی لەسەر ململانێی چینایەتی لە کۆمەڵگای سۆسیالیستیدا، جۆرێی حیزب لە پەیکەر و بینای سۆسیالیزمدا، ڕۆڵی دەوڵەت، پەیوەندیی ئابوری و سیاسەت و زۆر کێشەی تر. هەندێک پێیانوابوو نەک هەر دەتوانرێت لە شەووڕۆژێکدا سەرمایەداری و دەرەبەگایەتی لەناوببرێت، بەڵکو دەبێت شۆڕش بەرەو وڵاتانی تری ئەورووپاش بکشێنیت. لینین دووساڵ دوای سەرکەوتنی شۆڕش، لە نوسراوی «ئابوری و سیاسەت لە سەردەمی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریادا» وتی:

**چینەکان لە قۆناغی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریادا چیماون و دەشمێننەوە. دیکتاتۆریەت ئەو دەمە دەبێتە شتێکی ناپێویست کە [جیاوازیی] چینەکان لەناوبچن. چینەکان بەبێ دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا لەناوناچن.**
**[ئێستا] چینەکان هەر ماون، بەڵام هەریەکەیان لە قۆناغی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریادا شکڵ و شێوەی خۆیانیان گۆڕیوە؛ پەیوەندییە دوولایەنەکانیشیان هەر شکڵ و شێوەی خۆی گۆڕیوە. ململانێی چینایەتی لە کاتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریادا لەناوناچێت، بەڵکو تەنیا شکڵ و شێوەی تر وەردەگرێت.**
**...چینی چەوسێنەران، خاوەن موڵکەکان، و سەرمایەداران لەناونەچوون و پێناچێت لە کاتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاشدا بەو خێراییە لەناوبچێت. چەوسێنەران تێکشکاون، بەڵام لەناونەچوون. پێگەی نێونەتەوەییان، واتە سەرمایەی نێونەتەوەیی کە ئەوان لقێکن لێی، هەر ماوەتەوە. بەشێک لە هۆیەکانی بەرهەمهێنان، پارە و پەیوەندییە بەرفراوانە کۆمەڵایەتییەکان بەدەستی ئەوانەوە ماوە. هێزی بەرهەڵستییان، بەهۆی شکستەکەیانەوە، سەدان و هەزاران جار زیادیکردووە...(٦)**

لە گەرمەی ئەم باس و خواسانەدا، کۆسپەکانی بەردەم بینای سۆسیالیزم و هەلومەرجی ژیاندنەوەی پەیوەندییەکانی سەرمایەداری ڕوونبووەوە، بۆنمونە، بەرهەمهێنانی بچوک و بەرفراوانییەکەی، پەیوەندییە کالاییەکان، مافی بۆرژوایی("لە هەرکەس بەپێی توانای، بۆ هەرکەس بەپێی کارەکەی"؛ کرێی یەکسان و بەرامبەر بۆ کاری یەکسان و بەرامبەر)، دژیەکیی شار و دێ، کاری جەستەیی و زەینی(فیکری)، هێزی عادەت و ڕۆڵی حیزب(هەبوونی هەلپەرستی و ئۆپۆرتۆنیزم) و دەوڵەت. بەڵام ئاماژە تیۆرییەکانی لینین دەرهەق بەم سەرچاوانەی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندییەکانی سەرمایەداری، بەشێوەیەکی کۆگیر و گشتگیر تیۆریزەنەکرا و لەو ئاستەشدا کە خرایە بەرباس نەبووە خەتی باڵای حیزب و سیاسەت و بەرنامەڕێژیی دەوڵەت؛ بە جۆرێک کە پاش جێگیربوونی حکومەتی سۆڤیەت و سەرکەوتن بەسەر قاتوقڕی و نەداری و بڵاوبوونەوەی خاوەندارێتیی دەوڵەتی و ئیشتراکی بەسەر بەرهەمهێنانی پیشەسازییانە و کشتوکاڵیدا، ستالین لە ساڵی ١٩٣٩دا ڕایگەیاند کە: لە کۆمەڵگای سۆڤیەتدا چینی دژیەک و پەیوەندیی چینایەتی دژبەیەک و ئەنتاگۆنیستی بوونی نیە.

گەر گۆڕانی چینی کرێکار بۆ چینی فەرمانڕەوا گرنگترین گۆڕانی مێژووی کۆمەڵگای چینایەتی بووبێت، ئەوا شکستهێنانی لە بیناکردنی سۆسیالیزمدا بە گەورەترین تەنگژەی سیاسی و ئایدۆلۆژی دادەنرێت بۆ ئەم چینە. چۆنچۆنی چینی کرێکار لەپاش گەیشتنەدەسەڵات نەک هەر سەرنەکەوت سیستەمی چینایەتی لەناوببات، بەڵکو خۆیشی بەو هۆیەوە هەڵکەنرا؟ لە سۆڤیەتدا، ژیاندنەوەی سەرمایەداری، کە لە هەندێک بواردا هەڵگیرابوو، پرۆسەیەکی پلەپلە بوو بەڵام سیاسەت و بەرنامەکانی کۆنگرەی بیستەمی حیزبی کۆمۆنیزمی سۆڤیەت لە ١٩٥٦دا ڕەسمیەتی پێدا. بەرهەڵستی بەڕووی ژیاندنەوەی سەرمایەدارییش کە سەرەتا لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی چینەوە دەستی پێکرد شتێکی پلەپلە بوو، بەڵام لەدرێژەی ئەو شەڕ و خەباتەدا کە هەڵگیرسا، لە ساڵی ١٩٦٤دا سەریکێشا بۆ جیابوونەوە و (ئینشیقاق)ی گەورە لە بزاوتی کۆمۆنیستیی نێودەوڵەتیدا. ***ماو***، بەمەبەستی ڕێگرتن لە ژیاندنەوەی سەرمایەداری لە چین، لە ساڵی ١٩٦٦ "شۆڕشی گەورەی کەلتوریی پرۆلیتارییایی"ی خستەسەرڕێ.

گەرچی مارکس و ئەنگلس تیۆری "چین"یان لە سەردەمی گەشەی پرۆلیتاریا لە سەدەی نۆزەدا داڕشت، و لینین ئەم تیۆرەی لە سەردەمی گەیشتنەدەسەڵاتی ئەم چینەدا پەرەپێدا، کەچی ***ماو*** ئەم میراتە تیۆرییەی بردە ئاستێکی باڵاتر، ئەویش بەهۆی کۆبەندی و ئەنجامگیرییەوە سەبارەت بە شکستی پرسی "چین-طبقە" لە سۆڤیەت و پێچاوپێچەکانی شۆڕشی سۆسیالیستییەوە لە چین.

***ماو*** لە چوارچێوەی شۆڕشی کەلتورییدا، وێڕای جەختکردنەوە لەسەر هەبوونی چینایەتی لە سەرتاپای قۆناغی دووروودرێژی سۆسیالیزمدا، ئەوەی کە تیۆرە مارکسی و لینینییەکە بە سەرچاوەی بەرهەمهێنانەوە یان ژیاندنەوەی پەیوەندییەکانی سەرمایەداریی دادەنا(مافی بۆرژوایی، دژیەکیی کاری جەستەیی و زەینی، دژیەکیی شار و لادێ، دژیەکیی ژن و پیاو، پەیوەندییە کالاییەکان، هێزی عادەت، سەرمایەی نێودەوڵەتی، بەرهەمهێنانی بچوک، بەرهەڵستیی سەرمایەداران و خاوەن موڵکە لەناوبراوەکان و...) جەختی لەسەر کردەوە، بەڵام بەشێوەیەکی ئاڵۆز و دیالەکتیکی، دینامیکیەت و دینامیزمی ململانێی چینایەتیی لە سەردەمی

سۆسیالیزمدا تیۆریزەکرد. ماو، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە سۆسیالیزم بریتییە لە یەکگرتنی دژەکان لەنێوان سەرمایەداری و کۆمۆنیزمدا؛ هەردوو سیستەمەکە لە سۆسیالیزمدا ئامادەییان هەیە و گۆڕانی یەکیان بۆ ئەویتریان لە سەرتاپای سەردەمی درێژخایەنی سۆسیالیزمدا شتێکی مومکین و ڕێتێچووە[واتە لە سۆسیالیزمدا، کە قۆناغی پێش کۆمۆنیزمە، ئەگەری ئەوە هەیە سەرمایەداری بگەڕێتەوە و کۆمۆنیزم سەرنەگرێت]. کێشەکە تەنیا ئەوە نیە کە سەرمایەداریی سەرنگونکراو، بەرهەڵستی و بەرەنگاری دەنوێنێت. ئاڵۆزیی کێشەکە لەوێدایە کە سۆسیالیزم خۆیشی ڕێگاکەی بۆ بەرهەمهێنانی بۆرژوازیی نوێ بەکراوەیی جێهێشتووە. دوای ئەوەی سەرمایەداران و خاوەن موڵکەکان وەدەرنران و بەسۆسیالیستیکردنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی و بەرهەمهێنانی بچوک سنوردارکرا و لە چارەکردنی دژایەتییەکانی تردا پێشڤەچوون بەدیهات، کەچی بۆرژوازیی نوێ قوتدەبێتەوە. ئەو پنت و پانتاییە سەرەکییەی کە بۆرژوازیی نوێی لێوە دێتەدەر، حیزبی کۆمۆنیستە. حیزبیش وەک هەر دیاردەیەکی تر، بریتییە لە یەکێتیی دژەکان(هێڵی کۆمۆنیستی و هێڵی بۆرژوازی)، ئەویش بەو مانایەی کە خەتی سیاسی و ئایدۆلۆژیی چینی سەرمایەدار لە حیزبدا ئامادەیە و گەر زاڵبێت ئەوا مانای وایە سەرمایەداری زاڵبووە و دەسەڵاتی گرتۆتەدەست.

دەوڵەتیش وەک حیزب، بەرهەمی کۆمەڵگای چینایەتییە و یەکێکە لە کانگاکانی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی سەرمایەداری. ئەو ڕێگایەی کە ***ماو*** بۆ چارەسەرکردنی دژایەتییە چینایەتییەکانی سەردەمی سۆسیالیزم خستیەڕوو، بریتیبوو لە شۆڕشێکی کەلتوری، ئەویش بەشێوازێکی بەردەوام و بێوچان: تەحەدای گەورەی چینی کرێکار لە کۆتاییهێنان بە سیستەمی دێرینی چینایەتی ئەوەیە کە دەبێت بەهۆی ئامرازی چینایەتییەوە، واتە بەهۆی حیزب و دەوڵەتەوە، ئەم سیستەمە هەڵتەکێنێت. ئەگەر حیزب، واتە ئۆرگانی سەرکردایەتی و ڕێپیشاندەری بینای سۆسیالیزم، لە کایەی سیاسەت و ئایدۆلۆژیادا نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی بۆرژوازی بکات ئەوا سۆسیالیزم وەردەگەڕێت بۆ سەرمایەداری. بەڵام شۆڕشی کەلتوری خۆیشی پڕە لە دژایەتیی چینایەتی: شۆڕشی کەلتوری فۆرمێکی تازەی شۆڕشە چونکە لەژێر ڕێبەرایەتیی چینێکدا بەرپادەبێت کە خۆیشی دەسەڵاتی سیاسیی بەدەستەوەیە.

کودەتای شوێنکەوتوانی سەرمایەداری لەدوای مردنی ماو(١٩٧٦)، گەیشتنەدەسەڵاتی خێرا و ڕاستەوخۆی چینی سەرمایەدار بوو لە وڵاتێکی سۆسیالیستیی وەک چیندا. ژیاندنەوەی سەرمایەداری لەسەر دەستی بۆرژوازیی نوێی چین، کە لە هەناوی حیزب و دەوڵەتەوە سەریدەرهێنا، ڕاست و درووستیی ڕوانینە دیالەکتیکییەکەی ماوی پشتڕاستکردەوە کە دەیوت: درووستیی خەتی سیاسی و ئایدۆلۆژی، شتێکی حەیاتی و یەکلاکەرەوەیە و لە پرۆسەی بیناکردنی سۆسیالیزمدا کە پرۆسەیەکی تەواو ئاگایانەیە، سەرخان دەستنیشانکەری ژێرخانی ئابورییە(٧). بە دەربڕینێکی تر، لەکاتێکدا کە سەرمایەداری لە ژێرخاندا میکانیزمەکانی بەرهەمهێنانەوەی خۆی هەیە، چارەنووسی سۆسیالیزم لە ململانێیی نێوان هەردوو چینەکەدا و لە سەرخاندا-بەتایبەت حیزب- دەستنیشاندەکرێت.

چل ساڵ پاش ئاوابوونی سۆسیالیزم لە [وڵاتی] چین لەکاتێکدا کە سەرمایەداری بەبێ وچان بەدونیادا بڵاودەبێتەوە و کۆمەڵێک گۆڕانی بەرچاو لە هێزە بەرهەمهێنەرەکاندا ڕوویداوە:

چەوسانەوە و هەژاری و ستەم بەشێوەیەکی بێوێنە چینی کرێکار و زەحمەتکێشانی جیهانی خستۆتە ژێر گوشارەوە و، شێوازە کۆنەکانی چەوسانەوەی چینایەتی لە چەشنی کۆیلایەتی لە هەرسێ قاڕەی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتیندا خۆیان قوتکردۆتەوە و هەموو ڕۆژێک دەیان هەزار ئینسان لە برساندا دەمرن. لەکاتێکدا ژینگە ڕووەو فەوتان و لەناوچوون هەنگاوهەڵدەگرێت. لە هەلومەرجێکی لەم جۆرەدا، ئایدیای چین(class) و تیۆری چین وململانێی چینایەتی لەلایەن نوێنەرانی فیکری بۆرژوازییەوە خراوەتە ژێر پرسیارەوە. لە هەناوی بزاوتی کۆمۆنیستیی ئێران [و کوردیش]دا تێگەیشتن لە چەمکی چین لە بازنەی ئابوریگەرایی سەرەتاکانی سەدەی بیستدا چەقیوە.

**پەراوێزەکانی نوسەر:**

١ـ نامه مارکس و انگلس به آگوست ببل، ویلهم لیبکنخت، ویلهم براکه و سایرین ("بخشنامه") در لایپزیک، مورخ ١٧- 18 سپتامبر ١٨٩٧، لندن در
K. Marx & F. Engels, Selected Correspondence, Moscow, Progress Publishers, 1975, p. 307

٢ـ نگاه کنید به جلد اول و دوم مجموعه آثار مارکس و انگلس:
K. Marx & F. Engels, Collected Works, New York, International Publishers, Volumes1-2, 1975

٣- K. Marx, “Class Struggles in France, 1848 to 1850”, in Marx & Engels, Ibid, Volume 10, 1978, pp. 45 – 145

٤ـ نامه مارکس به وید مایر (J. Weydemeyer) مورخ ٥ مارس ١٨٥٢ در
K. Marx & F. Engels, Selected Correspondence, Moscow, Progress Publishers, 1975, p. 64

٥ـ و. ا .لنین، "چه باید کرد؟" ***منتخب آثار***، ترجمه م. پورهرمزان و ع. بیات، انتشارات سازمان فدائیان خلق ایران (اکثریت)، ب.ت.، ص ٦٣.

٦ـ و. ا. لنین، "اقتصاد و سیاست در عصر دیکتاتوری پرولتاریا"، **پیشین**، ص ٧٦٣

٧ـ بدنبال انقلاب اکتبر ١٩١٧، در بحثهایی که بر سر رابطه سیاست و اقتصاد در گرفت، لنین گفت : « ... مسأله تنها چنین مطرح است (و از لحاظ مارکسیستی می تواند چنین مطرح باشد) که بدون برخورد صحیح سیاسی، طبقه معین سلطه و سیادت خود را حفظ نخواهد کرد و بالنتیجه، نخواهد توانست مسأله تولیدی خود را هم حل نماید». لنین، "بار دیگر اتحادیه ها درباره لحظه کنونی و درباره اشتباهات رفقا تروتسکی و بوخارین"، پیشین، ص ٨٥٧. مائو این تئوری لنینیستی در مورد رابطه بین اقتصاد و سیاست را، که در آثار مارکس و انگلس بشیوه های دیگر مکرر بیان شده است، در سطح عالیتر تئوریزه کرد.